بەناوی كوردستانی گەورە
ح.س.سۆران
soransa@hotmail.com

تاران – ٢١/٧/ ٢٧٠٨

مانای وشەی " گۆران" چیە ؟

رەنگە زۆر كەس ئەم پرسیارەیان ببێ ، كە ئایا وشەی " گۆران" مانای چیە ؟ . هەر وەك دەزانین ، ئەم وشەیە لە زۆر بەستێن دا ، لە زمانی كوردی دا بە كار دەبرێ ، بۆ وێنە: (١) یەكێك لە زاراوە سەرەكیەكانی زمانی كوردی زاراوەی " گۆران) یە ؛ (٢) ناوچەیەكی یەكجار زۆر زلە یە لە باشووری كوردستانی گەورە ؛(٣) بەو نەتەوە ناكوردانەی كە ئایینی بەرێزی كاكەیی (یارسان) ، لە كوردەواریەوە چووتە نێویان و بوون بە كاكەیی ، پێیان دەڵێن (گۆران) ، بۆ وێنە توركەكانی روودهەنی دەڤەری تاران و شارگەلی ئازربایجانی ئێران ؛ (٤) یەكێك لە هۆزە گەورەكانی دەڤەری كرماشان ناوی (گۆران) ە و لە زۆر جێگەی دیكەش ، تاقل و تۆقل گۆران هەیە ، وەك ناوچەی هەوشار لە رۆژهەڵات ؛ (٥) هۆنەری مەزنی هاوجەرچی كورد ماوەستا عەبدوڵلا بەگ ، ناسناوی (گۆران) ی بۆ خۆی هەڵ بژاردوە ؛ (٦) لە زمانی كوردی دا وشەی (گۆران) ی ، بە ستڕان و بەستەش دەڵێن و ... .

ئێستا با پەراوێزی راڤەكە ، بە تەبەنەی كیبۆرد دابكوژێنین و بێینە سەر كاكڵی مەبەستەكە ، كە بریەتیە لە راڤە كردنی مانای وشەی (گۆران) :

وشەی (گۆران) ، لە بنەڕەت دا ، وشەیەكی كۆن و رەسەنی زمانی كوردیە ، كە لە پێش دا (گەوران) بوە ، یانی (گاورگەل) یا یا زەردەشتی گەل ، كە بە زاراوەی گۆرانی (گووران) دەردەبڕرێت . بۆیە بە زاراوەی گۆرانی زمانی كوردی ، بە گۆران دەڵێن (گووران) ، چون پیتی (ۆ) ی كلۆریان نیە بۆ وێنە دەشڵێن سووران ، بووران و هتد . وشە گەلی (گەور یا گەبر ، یا گاور) هەموویان لە زۆربەی زمانگەلەی ئاریی دا ، بە مانای زەردەشتین . بۆ وێنە خۆمان پەندێكمان هەیە دەڵێ " گەوری سەركێوان بە حاڵی ئەو نەبێ " ، كە هی كاتێك بوە گاورە خەباتگێرە كوردەكان لە ترس ئەنفالی داگیركەران و چەوسێنەران ، پەنایان بە كێو و شاخی كوردستان بردوە یا با بڵێین پێشمەرگەی ئەو كاتە بوون و لە ئەشكەوت ،كێو و بەندەنی وەك قەندیل ژیاون . یا لە زمانی فارسی دا، هۆنەری ناسراو سەعدی شیرازی ، لە پێشەكی كتێبی گولستان دا ، رو بە بە خودا دەڵێ : "ئەی كەریمێك كە لە خەز زێنەی غەیب دا رۆزی بە (گەبر) و تەرسا دەدەی ، تۆ كە چاوەدێری دوژمنانت دەكەی ، كەی دۆستانی خۆتت لە بیر دەچێ ؟؟؟!!!" . لێرەدا، شێخی سەعدی مەبەستی لە وشەی دوژمنان ، یەكێكیان " گەبر یا گاورە " كە یانی زەردەشتی . دەڵێن قسە ،قسە دێنێ : كەس چاوەڕوانی قسەی وا كلۆر و نێو بەتاڵ و سەیری ، لە سەعدی نەدەكرد ، كە هۆنراوەی بە ناوبانگی " بەنی ئادەم" ی ، وەك دروشمی مرۆڤدۆستی ، لە سەر باڵەخانەی نەتەوە یەكگرتوەكان ، لە نیو یۆرك نووسراوە ". قوربان گیان ! هەرچۆن بێ ، بیلامانێ هێندێك هۆنەر وەك مریشك هێلكەش دەكەن و ... یش دەكەن !. یا لە جێگەیەكی دیكە دا، دەڵێ "ئەگەر ئاوی بیری مەسیحی پیسە ، خەم مەخۆ چون جوولەكەی مردوی تێدا دەشۆی !!! یانی بە فەرمایشی سەعدی دەبێ ، ئەنشتاینی جوولەكە پیس بێ ، بەڵام ئەبو قەرتاڵەی حەبەشی خاوێن !!! . رەنگە جێشی ببێ بڵێم ، سەعدی چەند ساد ساڵ پێش بە پێی فەرهەنگی وەپاشكەوتوی ئەو سەردەمە ، ئەم قسەیەی كردوە .

وشەی (گەورک) یش کە ناوی هۆزێکی زۆر ماقووڵی کوردە و لە ناوچەی موکریان و ڕۆژهەڵاتی هەرێمی باشوور دەژین ، بە پێی ئەم بەڵگەیە ریشەکەی هەر لەوێوە دێ : کۆنفڕانسی نێو نەتەوەیی زەڕدەشتیەکانی جیهان بو ، بابڵێم بە هۆی ئەوەی من دەمتوانی لە چەند زمانەوە بابەت وەرگێڕم ، بێ ئەوەی بە چەشنی فەرمی زەڕدەشتی بم ، منیان وەک وەرگێڕی کۆنفڕانسەکە دیاری کرد .بابەت زۆر دەهات : لە گۆشە و قوژبنی جیهانەوە بە زمانگەلی جۆر بە جۆر . ڕۆژێک بابەتیکیان دا بە من ،لە زمانی ئینگلیسی وەرم گێڕا ، کە کابرایەکی موبید(ڕێبەری ئایینی) ی زەڕدەشتی لە هیندووستانەوە ناردبوی . لەم بابەتەدا ، ئاماژەی بەمە کردبو ، کە گەلی کورد یەکێک لەو گەلانە بوون ، زۆر پایان لەسەر ئەوە داگرتوە ، کە هەر لە سەر ئایینی زەڕدەشتی بمێننەوە و نووسیبوی : " هۆزێکی کورد هەیە بە ناوی (گەورک) ، کە بە مانای (گاوەرە چکۆلە) یە . ئەم هۆزە تا چەند ساد ساڵ پێش ، لە کوێستانەکانی ناوچەی کوردەواری یانی لە زێدی خۆیان ، کە زۆر عەستەم و شاخ و بەردە ، پەنایان گرتبو و هەر وەک زەڕدەشتی مابوونەوە ، بەڵام لە پاشان ئەوانیش لە ژێر زەخت و گوشاری جۆربەجۆر دا ، ئایینی زەڕدەشتیان لە دەست دا". (تێبینی: ڕەنگە وەک شەنگاریان لێ کردبێتن) .

با بێینەوە سەر بستێی تەوەرەی باسەکە ، کە بریەتی بو لە ڕاڤەکردنی مانای وشەی (گۆران) : بۆ وێنە لە بان ئەو پێستە ئاسکە مێژوییە بەناوبانگەش، کە زۆربەمان ناومان بیستوە ، لە ڕستەیەکی دا باسی پاکتاو کردنی "گەورە گەورەکان "، بە دەست عارەب دەکا . کە لێرەدا بە مانای سەر گەورەی گاورەکان یا سەرۆکی زەڕدەشتیەکان . وشەی (گۆرانی) یش ، بە مانای ئەوەیە کە بە داب و نەریتی زەڕدەشتیەکان یا گەوران ، لاژە ، ستڕان و بەند بچڕن ، - وەک سروودی گاتاکانی زەڕدەشتی و سروودەکانی دیکەیان .

بە کورتی ئەگەر باسەکە کۆ بکەینەوە و سەرتان زۆر نەیەشێنم ، وشەی (گۆران) واتە گەوران ، گەبران ، گاوران یا زەڕدەشتیگەل . زاراەی گۆرانی و ئەوانەی بەم زاراوەیە قسە دەکەن ، زۆر کوردێکی ماقووڵ و ڕەسەنن و ڕەنگە بتوانم بڵێم بە حەشیمەت لە سۆرانیش پترن . وشەی (گەورە)ش هەر لەو ریشەوە، ڕەگاژۆ ی کردوە .

دوانووس (PS): لە هێندێک ناوچەی کوردەواری ، وشەی (گۆران) ، (کرمانج) و (مسکێن) یان ، بە کوردی ئاپۆرەشیان وتوە ، یانی کوردێک کە نە خەڵکی شار بێ ، نە ڕێبەری ئایینی بێ ، نە مەلا و فەقێ بێ ، نە خاوەن ملك و نە عارەب وتەنی لە (خەواس) بێ . ماموەستا هەژاریش لە یەکێک لە هۆنراوەکانی تاریفی سەرۆک مەلا ستەفا بارزانی دا ، کە و وشەی (گۆران) ی تێدایە ، مەبەستی لە کوردی ئاپۆرە یە ، نەک کوردی گۆران بە گشتی یا خێڵی گۆران . ئەم ناوە تایبەتیانە لە زۆر ناوچە هەن ، وەک لە ناوچەی پاوە و دەڤەرەکەی ، هەر کەس بە زاراوەی سۆرانی قسە بکا پێی دەڵێن (جاف) ، کە ئەمە بەو مانایە نیە ئەو کەسە دەبێ هەر لە خێڵی جاف بێ ، بەڵکە مەبەست ئەوەیە سۆرانیە ، بەڵام ڕەنگە لە خێڵی جافیش نەبێ . یا لە ناوچەی باشووری موکریان ، بە خەڵکی هەوشار دەڵێن (کورد) ، خەڵکی هەوشاریش بەمان دەڵێن موکری . یا لە شاری مەهاباد ئێستاش زۆر جار ، بە خەڵکی نا مەهابادی دەڵێن (کرمانج) ،با سۆرانی یا گۆرانی و ئەوانەش بێ ؛ یا جاران لە زۆرناوچەی دیکەش ، بە کوردی ئاپۆرەیان دەوت " کرمانج " ، جا هەر زاراوەیەکی ببوایە . بە کورتی ئەم چەشنە ناوە ناوچەییانە، هێندە لە کوردستانی گەورە زۆرن ، کە بۆ خۆی باسێکی تایبەتی دوور و درێژی دەوێ .